گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆڵی ئافرەتان لە پارتە سیاسییە کوردستانی و عێراقیەکان 1958-1975

**پ. د. مهدی محمد قادر**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان- عێراق
Mahdi.muhammad86@yahoo.com

**پەرژین جعفر رستم**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان- عێراق
Parzhinomerbly@gmail.com

## پوختە

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی 14ـی تەمموزی 1958 لە عێراق، ئافرەتان لە باشوری کوردستان بەشێویەکی کاریگەر لە ناو ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان دەستیان بە چالاکیە سیاسییەکان و جەماوەرییەکان کرد، ڕێکخستنەکانی ئەم دوو پارتە سیاسیە لە باشوری کوردستان زۆرترین ئەو ئافرەتانەی لە خۆگرت، کە لە ساڵانی 1958-1975 کاریان تێدا کردووە و توانیان ڕۆڵی دیار و گرنگ لە شانە حزبیەکان ببینن لە جێبەجێکردنی ئەرکە حزبییەکان و تێکەڵبوون بە جەماوەری هەردوو حزب، دوای گۆڕانکارییەکانی ساڵی 1962 بەشێوەی نهێنی خەباتی سیاسی ئافرەتانی کوردستان لە چوارچێوەی ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان بەردەوام دەبێت تا ساڵی 1975.

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
**وەرگرتن:**٢٠٢٢/١٢/٢٢
**پەسەندکردن:**٢٠٢٣/٢/٢
**بڵاو کردنەوە:**بەهاری ٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**
*Women, communistic, party, organization, Kurdistan, political*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.1.13

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشەکی:

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی 14ـی تەمموزی 1958، ڕەوشێکی سیاسی تازە لە تەواوی عێراق هاتەئاراوە و ڕابوونی کۆماری و ڕەخساندنی بواری کاری ئاشکرای پارتە سیاسییەکان و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان قۆناغێکی تازەی لە ژیانی سیاسی هێنایە کایەوە، باشووری کوردستانیش وەك بەشێکی گرنگ لە عێراق لەم پەرەسەندنە بەدەرنەبوو بەهەمان شێوەی ناوچەکانی تر چالاکییەکانی سیاسیی تیایدا بە شێوەیەکی ڕێکخراو دەستیپێکرد.

ئافرەتان لەگەڵ ئەم ڕەوشە سیاسییە تازەیە لە باشووری کوردستان توانیان ڕۆڵ و کاریگەری خۆیان دەربخەن و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆی و بە ئاشکرایی تێکەڵ بە ژیانی سیاسی بوون، حزبی شیوعی عێراق لەم بوارەدا ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوی گێڕا لە کردنەوەی شانەکانی تایبەت بە ئافرەتان و ڕێکخستنیان لە ناو شانە حزبیەکان و ڕۆڵی گرنگیان بینی، هەروەها پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕێکخستنەکانی حزبی و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ئافرەتان توانی ڕۆڵ و کاریگەری ئەو ئافرەتانە دیار بخات، کە تێکەڵ بە ڕێکخستنەکانی پارتی بوون و ئەم چالاکیانە تا ساڵی 1975 بەچەند قۆناغێك تێدەپەڕێت، بەڵام بەردەوامی بەخۆیەوە دەبینێت.

گرنکی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە زیاتر جەخت دەکاتەوە سەر ڕۆڵی ئافرەتان لە چالاکیە سیاسیەکان لە ماوەیەدا کە تائێستا لە هیچ توێژینەوەیەکی ئەکادیمیدا کاری لەسەر نەکراوە و دیارخستنی ڕۆڵی ئەو ئافرەتانە کە لە قۆناغی ئاشکرا و نهێنی توانیویانە داکۆکی لە مافە نەتەوەیی و چینایەتیەکان بکەن و هەردوو خەباتیان تێکەڵ بەیەکتر کردووە لە پێناو بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کورد.

ڕۆڵی ئافرەتان لە ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان لە دوو تەوەردا پلانی توێژینەوەکە پێك دەهێنێت، کە پشت بەسەرچاوەی ڕەسەن و بەڵگەنامەی نهێنی حکوومەتی عێراقی بەستراوە، کە باس لە ڕووداوەکان و ڕۆڵی ئەو ئافرەتانە دەکەن کە لەم دوو ڕێکخستنە کاریان کردووە.

سەبارەت بە گرفتەکانی نووسینی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە ئەو ئافرەتانەی کە ڕۆڵیان بینیوە لە دوای شۆڕشی 14ـی تمووز تا ساڵی 1975 بەشێکیان لە ژیان نەماون و زۆربەشیان یاداشتەکانی خۆیان تۆمار نەکردووە، کە بتواندرێت وەك سەرچاوەیەکی ڕەسەن

سوودی لێ ببینرێ، هەروەها بەهۆی هەڵوێستی ئەم پارتە سیاسیانە بەرامبەر هەندێك لەم ئافرەتانە ئامادەی چاوپێکەوتن و خستنەڕووی زانیارییەکان نەبوون، کە ئەمەش گرفتێکە بۆ نووسینەوەی توێژینەوەیەکی لەم جۆرە.

دیارخستنی ڕۆڵ و کاریگەری ئافرەتانی باشووری کوردستان لە ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان لەم توێژینەوەیەدا سەرەڕای کەم و کوڕییەکان، بەڵام پێویستیەکی مێژووییە و بە ئەرشیفکردنی ئەو زانیاریانە ئەرکێکی نیشتیمانی و نەتەوەییە، هیوادارم بە چاوێکی زانستیانە مامەڵە لەگەڵیدا بکرێت.

## ڕۆڵی ئافرەتان لە پارتە سیاسییە کوردستانی و عێراقیەکان 1958-1975

دوای تەواو بوونی جەنگی دووەمی جیهانی 1939 ـ 1945، عێراق چەندین گۆڕانکاری گرنگ و کاریگەری لە بوارە جیاوازەکان بەخۆوە بینی، باشوری کوردستان(کوردستانی عێراق) بەدەرنەبوو لە کاریگەری ئەو گۆڕانکارییانە بە تایبەتی لە ژیانی سیاسیدا. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە باشوری کوردستان قۆناغێکی تازەی بەخۆوە بینی، بە تایبەتی دوای دەرکەوتنی ڕۆڵی ئافرەتان لە ساڵانی 1945 ـ 1958 بەشێوەیەکی نهێنی لە ڕێکخستنەکانی پارتە سیاسییەکان، رۆڵ و بەشداری ئافرەتان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی و نیشتیمانی لە باشوری کوردستاندا ئەگەر بە شێوەیەکی سنورداریش بوو بێت بە خاڵێکی وەرچەرخان لە خەباتی نەتەوەیی لە باشوری کوردستان دادەندرێت.

دوای سەرکەوتنی شۆرشی 14ـی تەمموزی 1958 بە هۆی ئەو بارودۆخە سیاسیەی هاتە ئاراوە، پارتە سیاسیەکان بنکەی جەماوەرییان فراوان بوو و مەترسیەکانی گرتن و دوورخستنەوە و بەندکردن بۆ سەر ئەندام و لایەنگرانیان کەم بۆوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ئافرەتان بە شێوەیەکی فراوانتر تێکەڵ بە کاری سیاسی بن و لە ڕێکخستنەکانی ئەو پارتە سیاسیانە چالاکی خۆیان بنوێنن، ئەو پارتانەی لە ساڵانی 1958 ـ 1975 ئافرەتان لە باشوری کوردستان لە ڕێکخستنەکانیان کاریان تێدا کردووە ئەمانەن:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**تەوەری یەکەم:**

**ـ حزبی شیوعی عێراق.**

سەرکەوتنی شۆڕشی 14ـی تەمموزی 1958 و رابوونی سیستەمی کۆماری بوو بە وەرچەرخانێك لە مێژووی هاوچەرخی عێراق، دەرکەوتنی کار و چالاکی پارتە سیاسیەکان بە شێوەیەکی ئاشکرا بە یەکێك لەو گۆرانکارییانە دادەندرێت کە دەرەنجامی ئەو شۆرشە هاتەکایەوە(درویش،1961، ص34). حزبی شیوعی عێراق یەکێك بوو لە دیارترین ئەو حزبانەی کە لەم ماوەیەدا خاوەن بنکەیەکی جەماوەری فراوان و رێکخستنێکی سەرانسەری بێت لە هەموو عێراقدا، ئافرەتانیش لەم ماوەیەدا توانیان رۆڵی خۆیان ببینن و چالاکیەکانیان لەناو رێکخستنەکاندا ئەنجام بدەن(عەبدوڵلا، 1997، ل221).

سەبارەت بە رۆڵی ئافرەتان لە رێکخستنەکانی حزبی شیوعی عێراق لە باشوری کوردستان، رۆڵێکی زۆر دیار و گرنگیان بینیوە لە ناو رێکخستنەکانی حزبی شیوعی و جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکانەی پێیان سپێردراوە و توێژێکی بەرچاو بوونە لە پاراستن و بەرگری کردن لە دەستکەوتەکانی شۆرش، رۆڵی زۆریان بینیوە لە بەهێز کردنی پێگەی ئافرەت لە ناو رێکخستنەکانی حزبی شیوعی(عەبدولکەریم، 1959، ل73)، لە دیارترین ئەو ئافرەتانەی لەو ماوەیەدا رۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە رێکخستنەکانی لقی کوردستانی حزبی شیوعی لە شاری هەولێر ئەمانەن؛ سامیە شاکر چاوشلی، شوکریە محەمەد ئەمین، فەتحیە محەمەد، مامز عەبدوڵلا خدر، نازەنین حەیدەری، عائیشە مەحمود خدر، نەجیبە خەلیل، ساکینە سلیمان، فەریدە یونس، نەجیبە یونس، ساجدە صبری، سەعدیە صبری، سعاد صبری، سەعدیە عەبدولرەحمان، فەزیلە عەبدولرەحمان، قەدریە عەبدولرەحمان، کافیە عەبدولرەحمان، مەلیحە عەبدولرەحمان، ئامینە مەلا غەفور، سامیە مەلا صبری، ئەدیبە سەعید، مامز خان، هیبەت خان، زوهریە خان، نەسرین عومەر، پەروین عومەر، ساکینە عثمان، صبیحە عمر عثمان، انعام مجید، خەیریە نادر، لامعە نادر(شاکر، ٢٠٠٩، ل٢٣٣٩)؛ (رێگای کوردستان، ژ١٢٦٢، ٢٠٢/٩/٢١).

سەبارەت بە رێکخستنەکانی شاری سلێمانی هەر یەك لە زەکیە فەرەج، مەلیحە زوهدی، مونیرە ساڵح، زەکیە بابان، مونیرە رەشید، فاتیمە ساڵح خدر، فاتیمە شەریف، عائیشە شەریف، توبا کەریم، خانم زوهدی، نەجمە شاسوار، ئافتاو عەزیز، عائیشە عەبدولحەکیم محەمەد،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شارەبان محەمەد ئەمین، خەدیجە شێخ حوسێن بەرزنجی، عائیشە شێخ حسین، نەجیبە سدقی، فاتیمە رۆستەم، فاتیمە عوسمان سەعید، دولبەر عەلی ئەمین، قومریە مەجید تۆفیق، ئامینە سەلیم ئەحمەد، ئامینە ئەحمەد ئەمین، زەکیە خۆشناو، مینا شێخ محەمەد مستەفا، شەمسە مەحمود، خانم بایز رەشی بوون(عەبدوڵلا،١٩٩٧، ل ٢١٨); (مەلیحە محەمەد زوهدی، سلێمانی، ٢٠٢٢/١/٤); (خانم زوهدی، هۆڵەندا، ٢٠٢٢/١/٣); (ئافتاو عەزیز، ئەڵمانیا، ٢٠٢٢/٢/٢٠).

شاری کەرکوك چەند ئافرەتێك لە رێکخستنەکاندا کاریان کردووە لە دیارترینیان عائیشە رەمەزان حەمە عەلی، بەهیە دەروێش ئەحمەد، گەلاوێژ عەسکەری، رابیعە شەوکەت محەمەد بوون(جەیران مەحمود، ئەڵمانیا، ٢٠٢٢/١/٢٢). لە شاری دهۆك رێکخستنەکانی ئافرەتان رۆڵی دیاریان بینیوە و هەر یەك لە بەڵقیس عەبدولمەجید قازی، عالیە دەروێش، نافیعە محەمەد خالید، حەلیمە پیرموس، نەسرین حوسێن، چنار عەبدوڵلا، فاتیمە عەبدوڵلا لە دیارترین ئەو ئافرەتانە بوون کە چالاکی و کاری رێکخستنیان لە ناوەوەی شارەکە کردووە(فەتحیە بامەڕنی، دهۆك،٢٠٢٢/١/٢٥).

رێکخستنەکانی ئافرەتان جگە لە شارەکان لە قەزا و ناحیەکان و هەندێ لە دێهاتەکانیش هەبوو، کاروباری حزبیان لەم شوێنانە بەرێوەدەبرد بە تایبەتی ئەو چالاکیانەی کە پەیوەندی بە ئافرەتان هەبووە، بۆ نمونە لە قەزای کۆیە رێکخستنەکانی ئافرەتان رۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان بینیوە لە راپەراندنی ئەرکەکانی حزب و پێگەیاندن و هێنانە پێشەوەی رۆڵی ئافرەت لە کاری سیاسیدا، هەر یەك لە خدیجە مستەفا ناسراو بە (خوشکە فریشتە) و عائیشە قادر یونس ناسراو بە(ئایشە گول)، عفەت محەمەد سالْح، گوڵە دەروێش، حەمدیە مستەفا لە دیارترین ئەو ئافرەتانە بوون(رێگای کوردستان، ژ١١٨٦، ٢٠١٩/٩/٣)؛ (عفەت محەمەد سالْح، کۆیە، ٢٠٢٢/٢/١٩). هەروەها لە قەزای رواندز هەر یەك لە هەمین جەرجیس یوسف، گولیزار مستەفا مەزهەر، حەبیبە مستەفا مەزهەر، گوڵێ تاهیر، حەبیبە حەمەدئەمین، شوکریە ئەحمەد، ئامینە تاهیر، عطیە خان لە رێکخستنەکانی حزبی شیوعی بوون(شوکریە محەمەدئەمین، هەولێر، ٢٠٢٢/١/٢)؛ (هەمین جەرجیس یوسف، رەواندوز،٢٠٢٢/٢/٢٤) لە شەقڵاوەش کە بنکەی جەماوەری فراوانتر بوو هەریەك لە درەخشان عەلی عەبدولقادر، مەریەم باسە، فائیزە کۆر، ئامانج قادر، خەجیجەخان هاوسەری خالید بەگ، رەمزیە بیا سلێوە ناسراوە بە(دایکی سەلام) ڕۆڵی دیاریان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بینیوە(درەخشان عەلی عەبدولقادر، فنلەندا، ٢٠٢٢/٢/٢٥). هەروەها لە شارۆچکەی کفریش حزبی شیوعی توانیویەتی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندام و لایەنگران پەیدا بکات و ئافرەتانیش لەناو رێکخستنەکانیدا رۆڵی گرنگیان بینیوە لە دیارترین ئەو ئافرەتانەش؛ ئەدیبە سەعید محەمەد، توبا عەبدولکەریم حەسەن، عادیلە کەریم عارف، سەرگوڵ محەمەد، عەینە محەمەد حەیدەر، ئامینە فەرەج، غەنیمە نادر قادر، نادیە نادر قادر، شوکریە قادر، حاجی دولبەر، شوکریە حەیدەر، ئاسکە خورشید، سوهیلە کەریم، عائیشە ئەحمەد حاجی، حەیات حەسەن، نیعمەت حەسەن رەعنا، حەیات حەسەن، حەپسە حەمید(سلێمان، ٢٠٢١، ل٧٦)؛ (ئەدیبە سەعید محەمەد، سلێمانی، ٢٠٢٢/٢/٢٧)، هەروەها لە هەڵەبجە چەندین ئافرەت رۆڵی دیار و گرنگیان بینیوە لە ناو رێکخستنەکانی حزبی شیوعی لەوانە ناهیدە نوری قەساب، فاتیمەی مەلا ئەمین، ئامین تەیارەی شیرەمەڕ، خوشکە شیرین، لەیلا عەلی(عەبدوڵڵا، ١٩٩٧، ل-٢٠١-ل٢٠٢). هەروەها هەر لە سنوری ناوچەی هەڵەبجە چەند ئافرەتی تر لە رێکخستنەکاندا کاریان کردوە لەوانە فاتیمە مەلا ئەمین چایچی، ئافتاو حاجی فەرەج هەڵەبجەیی، ئامینە ئیسماعیل باوە، فاتیمە عەبدولڕەحمان محەمەد، نەخشین قاسم حەمە لەتیف، سەلمە حوسێن حەسەن، عەتیە عەبدولڕەحمان عەبدولقادر، سەفیە حوسێن، ناهی عەول محەمەدی هەورامی، پەروین حاجی رەحیم، بەدریە ئەحمەد، ئایشێ حمە کەریم، ئامینە ئەحمەد ئەمین هەڵەبجەیی، فاتیمە عەلی ئەڵڵایار، مەهدیە عەبدوڵڵا قادر، صبیحە ئەحمەد محەمەد(جەلال دەباغ، ئەڵمانیا، ٢٠٢٢/٢/٥)؛ (عەبدولڕەحمان فارس عەبدولڕەحمان، کفری،٢٠٢٢/٤/١٠).

دوای شۆڕشی 14ـی تەمموز جۆرێك لە ئازادی بیرورا و کارکردن لەناو پارتە سیاسیەکان هاتەکایەوە، بەڵام بە هۆی تێکچوونی پەیوەندی نێوان سەرۆك وەزیران عەبدولکەریم قاسم(١٩١٤ ـ ١٩٦٣) و حزبی شیوعی عێراق و پێنەدانی مۆڵەتی کارکردنی ئاشکرا لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ بە حزبی شیوعی، کاری رێکخستنەکان تا رادەیەك بە نهێنی بەرێوەدەچوو، رێکخستنی ئافرەتانیش بە هەمان شێوە کارەکانیان بەشێوەی نهێنی ئەنجام دەدا، بە تایبەتی شوێنی ئەنجامدانی کۆبوونەوەکان کە لە بارەگایەکی دیارکراو نەبوو، بەڵکو هەوڵدەدرا هەر جارە و لە ماڵی ئەندامێکی باوەڕپێکراو و جێی متمانەی حزب ئەنجام بدرێت(خانم زوهدی، هۆڵەندا،٢٠٠٢/١/٣)؛ (شوکریە حەمەدئەمین، هەولێر،٢٠٢٢/١/٢) بەرپرسی لێژنەی ناوخۆی حزبی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شیوعی هەر شارێك سەرپەرشتی كۆبوونەوەی شانە حزبیەكانی ئافرەتانی دەكرد، بابەتی كۆبوونەوەكان بەپێی بارودۆخی سیاسی دیاري دەكرا، هەروەها هەوڵدەدرا بۆ وشیاركردنەوەی ئەندامان لە رووی كۆمەڵایەتی و سیاسی و رۆشبیری و ئاشنا بوون بە ماف و ئەرك و داخوازییەكانیان و هاندانیان بۆ بەشداریكردن لە چالاكیە سیاسییەكان، بۆ راكێشانی زیاتری ئافرەتان بۆ ناو رێكخستنەكانی حزب(مەلیحە مەحمود، سلێمانی، ٢٠٢٢/١/٤)؛ (ئافتاو عەزیز، ئەڵمانیا، ٢٠٢٢/٢/٢٠)؛ (شوكریە حەمەدئەمین، هەولێر، ٢٠٢٢/١/٢) وە لە هەندێ كاتدا بۆنە كۆمەڵایەتیەكان بۆ ئەو مەبەستانە بەكارهێندراون بۆ نمونە بەشداربوونی ئەندامانی حزب لە پرسەكان بە مەبەستی بەتینكردن و فراوانكردنی پەیوەندییە جەماوەریەكانی لەگەڵ خەڵك، ئافرەتانی لێهاتوو لەم بوارەدا رۆڵی دیاریان بینیوە لەوانە عائیشە شەریف ئەحمەد یەكێك بووە لەو ئافرەتانەی كە لە شاری سلێمانی بەشداری زۆربەی پرسەكانی ئافرەتانی دەكردو رۆڵی دەبینی لە پتەوكردنی پەیوەندییەكان و گەیاندنی بڵاوكراوەكان وەك بەیاننامە و رۆژنامە و گۆڤار(رێگای كوردستان، ژ ١٢٥٢، ٢٠٢١/٧/٦). بەشێكی زۆری ئەو بڵاوكراوانەش لە ماڵی ئەندامانی حزب چاپ دەكرا، مینا شێخ محەمەد مستەفا یەكێك بووە لەو ئافرەتانەی كە بە هاوكاری هاوسەرەكەی دكتۆر سەعید كە ئەندامی حزبی شیوعی بووە زۆربەی بڵاوكراوە و بەیاننامەكان لە ماڵەكەیدا چاپ دەكرا(رێگای كوردستان، ژ١٢٦٠، ٢٠٢١/٩/٧) جێگای ئاماژەیە ئامینە سەلیم ئەحمەد یەكێك بوو بەم ئافرەتانەی كە رۆڵێكی گرنگی بینیوە لە دەركردنی رۆژنامەی ئاڵای كارگەران(جەلال دەباغ، ئەڵمانیا، ٢٠٢٢/٢/٥) كە لە ساڵانی 1967 ـ 1970 لە لایەن لێژنەی ناوخۆی پارێزگای سلێمانی دەردەچوو(المالح، ٢٠٠٨، ص٨٤)، هەروەها رۆژنامەی دەنگوباس كە مانگانە بە كوردی و هەندێكجار بە عەرەبی دەردەچوو و رۆژنامەی رێگای كوردستان لە ماڵەكەیان بەرۆنێو چاپ دەكرا، ئامینە سەلیم بە هاوكاری كوڕەكەی بڵاوكراوەكانیان بە شێوەیەكی نهێنی دەیگەیاندە بنكە نهێنیەكانی حزب بۆ دابەشكردن و گەیاندنیان بە رێكخراوەكانی حزب لە ناو شاری سلێمانی و لەوێوەوە بۆ ناوچەكانی تر(جەلال دەباغ، ئەڵمانیا، ٢٠٢٢/٢/٥).

دوای روودانی كودەتای ٨ـی شوباتی ١٩٦٣ كۆتایی بە دەسەڵاتی عەبدولكەریم قاسم هات، قۆناغێكی زۆر مەترسیدار رووبەرووی ئەندامان و لایەنگرانی حزبی شیوعی دەبێتەوە بە

تایبەتی دوای دەرکردنی بەیاننامەی ژمارە(١٣) کە رێگای بە ئەندامانی حەرەس قەومی دا کە هەر شیوعیەك دەستگیر کرا لە هەمان شوێن بێ دادگایکردن بکوژرێت(مقصود، ٢٠٢٢، ص٣٣٣). سەرکردایەتی حزبی شیوعی دژی کودەتاکە وەستایەوە و لە بەیاننامەی ژمارە(١) و(٢) داوای لە جەماوەی عێراق کرد دژی ئەو کودەتایە بوەستنەوە(عبدالكريم، ١٩٦٣، ص٣٥، ٣٨)، بەڵام (بەعسی و ناسری)یەکان توانیان دەسەڵات بگرنە دەست و رۆژی ٩ـی شوبات حکومەتێکی کاتی بە سەرۆکایەتی ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر (١٩١٤ ـ ١٩٨٢) دامەزرا، و عەبدولسەلام عارف (١٩٢١ ـ ١٩٦٦) بوو بە یەکەم سەرۆك کۆماری عێراق(فوزي،١٩٨٩، ص ١٤٤ ـ ١٥٥ ، ١٦٤ ـ ١٧١).

ئافرەتانی ناو رێکخستنەکانی حزبی شیوعی لەو رۆژگارە مەترسیدارەدا رۆڵی زۆر گرنگ و گەورەیان بینیوە بە جۆرێك ئەگەر ئەو ئافرەتانە نەبوونایە زیان و کوژراوەکان لەو رۆژگارەدا زۆر زیاتر دەبوو، بەدەیان خێزانی ئەو ئافرەتانە بەخۆیان و ماڵ و منداڵیانەوە کەوتنە شاردنەوەی کادیرەکانی حزب و پەنایاندان و ژمارەیەکی زۆریان رزگارکرد و گەیاندنیانە ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستان(عەبدوڵلا، ١٩٩٧، ل٢١٩)، ئەمە جگە لە سەرکردایەتی کردنی چەند رێکخراوێك کە لەو سەردەمەدا بە پیاو نەدەکرا، یەکێك لە دیارترین ئەو رێکخراونەی کە دوای کودەتای ٨ـی شوبات دامەزرا نوسینگەیەکی ئافرەتان بوو لە شاری هەولێر بە سەرۆکایەتی سامیە شاکر چاوشلی و ئەندامێتی هەر یەك لە شوکریە حەمەدئەمین و ساکینە سلێمان و نەجیبە خەلیل(سامیە شاکر، ئەڵمانیا، ٢٠٢٢/١/١٩)؛ (شوکریە حەمەدئەمین، هەولێر،٢٠٢٢/١/٢). ئەم نووسینگەیە بۆ ماوەیەکی زۆر بە شێوەیەکی نهێنی بە پاڵ کارەکانی خۆی وەك کردنەوەی خول و چالاکیەکانی ئافرەتان لە کردنەوەی بنکەی نەهێشتنی نەخوێندەواری چالاکیە سیاسیەکانیان ئەنجام دەدا(رێگای کوردستان، ژ١٢٦٢، ٢٠٢١/٩/٢١). هەروەها بە شێوەیەکی نهێنی زانیارییەکانیان ئاڵوگۆر کردوە و پێویستیەکانی پزیشکی و برینپێچیان رەوانە کردووە و لە کاتی زۆر پێویستدا خۆیان تیماری بریندارەکانیان کردوە(سامیە شاکر، ئەڵمانیا، ٢٠٢٢/١/١٩)؛ (شوکریە حەمەدئەمین، هەولێر،٢٠٢٢/١/٢).

یەکێکی تر لە چالاکیەکانی ئافرەتان لە ناو حزب بریتی بوو لە بەشداربونیان لە کۆنگرەکان، لە دوای شۆرشی ١٤ـی تەمموز تا ساڵی ١٩٧٥ تەنها یەك کۆنگرە بەسترا کە کۆنگرەی دووەم بوو، لە کۆتایی مانگی ئاب و سەرەتایی ئەیلوولی ساڵی 1970 لە ناوچەی باڵەك لە باشوری

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کوردستان کارەکانی بەرێوەبرد(الخرسان، ١٩٩٣، ص١٣٧); (نوری،٢٠١٩، ل٨٣) ، ئەو ئافرەتانەی لەم کۆنگرەیە وەك ئەندامی کۆنگرە بەشدار هەر یەك لە عایدە یاسین (هاوسەری بەهادین نوری)، خانم زوهدی، بوشرا عەبدولجەلیل برتۆ، سامیە شاکر چاوشلی بوون(کەریم ئەحمەد، هەولێر، ٢٠٢٢/٢/١); (سامیە شاکر، ئەڵمانیا، ٢٠٢٢/١/١٩); (خانم زوهدی، هۆڵەندا، ٢٠٢٢/١/٣).

دوای راگەیاندنی بەرەی نیشتیمانی دیموکراتی پێشکەوتنخواز لە ١٧ـی تەمموزی ١٩٧٣ لە نێوان حزبی شیوعی عێراق و پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست، بواری زیاتر رەخسا بۆ ئافرەتانی ناو رێکخستنەکانی حزبی شیوعی بۆ ئەنجامدانی کاری سیاسی و بتوانن رۆڵی زیاتر بگێڕن، لەگەڵ ئەوەشدا جۆرێك دوو دڵی و ترس و بڕوا نەبوون بە پابەندبوونی بەعسیەکان بەرامبەر بە رێککەوتنەکە لەلایەن ئافرەتانی نێو حزبی شیوعی هەبوو، بۆیە بەشێکی زۆریان بەناوی نهێنی و شوێنی نهێنی و بەوریایەوە کاریان دەکرد(خانم زوهدی، هۆڵەندا، ٢٠٢٢/١/٣)؛ (ئافتاو عزیز، ئەڵمانیا، ٢٠٢٢/٢/٢٠)؛ (جەیران مەحمود، ئەڵمانیا، ٢٠٢٢/١/٢٢).

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان شانەکان لەناوخۆی شارەکاندا بەشێوازێکی زۆر تایبەت و نهێنی و پارێزرا بووە، تەنیا بەرپرسی شانەکان یەکتریان دەناسی و راستەوخۆ پەیوەندیان بەیەکترەوە دەکرد، سەبارەت بە پەیوەندی شانەکان لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر بەپێی میکانیزم و ئالیەتی رێکخستنی حزبی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و زۆرجاریش بەهۆی بۆنە نەتەوەیی و نیشتیمانی و حزبیەکان ئەنجام دراوە، بۆ نموونە ئاهەنگەکانی جەژنی نەورۆز لە ١١ـی ئادار و رۆژی جیهانی ئافرەتان لە 8ـی مارس، یادی شۆڕشی ١٤ـی تەمموز توانیویانە دیدەنی یەکتر بکەن رابۆچوونیان لەبارەی روداوەکان دەگۆڕیەوە و پەیوەندییەکانیان پتەو دەکرد و ئالیەتی کارکردنی هاوبەشیان دادەنا (شوکریە محەمەدئەمین، هەولێر، ٢٠٢٢/١/٢) ؛ (ئافتاو عەزیز، ئەڵمانیا ٢٠٢٢/٢/٢٠)، هەر وەك لە نوسراوی موتەسەرفیەی هەولێر ئاڕاستەی هەموو قائیمقامەکان کراوە کە ئاگادار بن ئەندامانی حزبی شیوعی بۆنەکان بەکاردێنن بۆ چالاکیەکانیان بە تایبەتی جەژنی نەورۆز(متصرفیه لواء اربیل، الی القائمقامیات کافة مکرر الشرطة اربیل، لاسلکیة السري، ع: ١٧، الموضوع: اعمال التخريبية،١٩٦٣/٣/٢٠)، بۆ نموونە یەکێك لەو ئافرەتانەی کە پەیوەندی بە رێکخستنەکانی ئافرەتان لە ناوچەکانی ناوەڕاستی عێراق هەبوو عایدە یاسین (هاوسەری بەهادین نوری) کە بە ناوی پەیامنێری راگەیاندنی حزب نامەی

چوکلێتی(الحلوائی) دەگەیاندە ناوچەکانی ناوەڕاستی عێراق(نوری، ٢٠١٩،ل٨٨)، هەروەها یەکێکی دیکە لەو ئافرەتانەی کە پەیوەندییەکی فراوانی هەبوو بە سەرجەم ڕێکخستنەکانی ناوخۆی ئافرەتان لە باشوری کوردستان و ناوەڕاست و باشوری عێراق عائیشە قادر یونس (ئایشە گول) بووە کە بەردەوام لە نێوان شارەکاندا هاتووچۆی دەکرد و پەیام و بڵاوکراوە و نامە نهێنیەکانی حزبی دەگواستنەوە(کەریم ئەحمەد، هەولێر، ٢٠٢٢/٢/١).

چالاکیەکانی ئافرەتان لەناو ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی بە چەند جۆرێك دەردەکەوت، جگە لە چالاکیەکانی ناوەوەی شارەکان رۆڵی دیاریان بینیوە لە کۆکردنەوەی ئابوونە و هاوکارییەکان لە دۆستەکانی حزب و سەرپەرشتیکردنی ئەو ئافرەتانەی بە رێگای پیشەی دەستیەوە وەك دورمان پارەیان بۆ حزب کۆدەکردەوە(العبیدی، ٢٠١٥، ص٧٢) ؛ (ڕێگای کوردستان، ژ١٢٤٣، ٢٠٢١/٤/٢٧) (شیرین ئادەم شلیمون) یەکێك بووە لەوئافرەتانەی کە کاری دورمانی کردووە و بە داهاتەکەی یارمەتی پێشمەرگە و خانەوادەی داوە(العبیدی، ٢٠١٥، ص٧٢)، جێگای ئاماژەیە هەندێك چالاکی مەترسیدار لە رێگای ئەو ئافرەتانەدا کە لە ناو حزبدا جێگەی متمانە بوون ئەنجام دراوە وەك گواستنەوەی چەك و فیشەك و کەرەستەی سەربازی و پێویستیە پزیشکیەکان و جلوبەرگ بۆ هێزی پێشمەرگە و گواستنەوەی ماڵ و خێزانی پێشمەرگە بۆ شوێنە بزرەکان(خانم زوهدی، هۆڵەندا، ٢٠٢٢/١/٣)؛ (سامیە شاکر، ئەڵمانیا، ٢٠٢٢/١/١٩)؛ (ڕێگای کوردستان، ژ١٢٤٣، ٢٠٢١/٤/٢٧)، فەتیحە مەلا محەمەد یەکێك لەو ئافرەتانەیە کە رۆڵی بەرچاوی لەم بوارەدا بینیوە(ڕێگای کوردستان، ژ١٢٥٤، ٢٠٢١/٧/٢٧). مونیرەی مەلا فەرەجەباجی یەکێکی ترە لەو ئافرەتانەی کە لە ساڵی 1966 تا 1970 ماڵەکەی ببوو بە شوێنی لێژنەی مەحەلی سلێمانی، زۆربەی کۆبوونەوەکان لەو ماڵەدا بەرێوەدەچوو، هەروەها چەند کۆنفرانسێکی لێژنەی ناوخۆیی حزب لە پارێزگای سلێمانی لەو ماڵە دەبەسترێت، هەروەها دایکە ئامینە یەکێکی تر بوو لەو ئافرەتانەی کە ماڵەکەی شوێنی کۆبوونەوەکانی شانەکانی حزب بوو(عەبدوڵلا، ١٩٩٧، ل٢٠٦، ٢١٩، ٢٢٠)، حمدیە مستەفاش یەکێکە لەو ئافرەتانەی کە رۆڵی گرنگی لە رێکخستنەکانی حزبی شیوعی بینیوە لە دیارترین ئەو کارانەی ئەنجامی داوە گواستنەوەی چاپخانەی حزب لە شاری بەغداد بۆ شاری کەرکوك بە رێگای شەمەندەفەر، دوای ئەوەی چاپخانەکە پارچە پارچە دەکات دەیخاتە ناو سندوقێك کاتی گەیشتنی بە شاری کەرکوك بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پۆلیسەکانی وێستگە دەڵێت: "کەس نییە ئەو مەکینە قورسەی دوورمانیم بۆ هەڵبگرێت". بەمجۆرە پۆلیسەکان یارمەتی دەدەن و تا ناو عەرەبانەی گواستنەوە دەیبەن، چونکە دەیزانی کەس نەیدەتوانی لێپرسینەوە لە پۆلیس بکات کە ئەو سندوقانە چی تێدایە(رێگای کوردستان، ژ ١١٣٩، ٥/٩/ ٢٠١٨) دوای دەرچوونی بەیاننامەی حزبی شیوعی عێراق لە مانگی نیسانی ١٩٦٢ بە ناونیشانی(استئناف الحملة العسكرية علي كردستان يعرض وحدة الجمهورية واستقلالها للخطر ايها المواطنون ناضلوا لحل ازمة كردستان بالوسائل السلمية) کە لە بەشێکیدا هاتووە: " ... سەرۆك وەزیران بە چاوی خۆی بینی لە کۆنگرەی کۆمەڵەی جوتیاران یەکێك لە دایکە جوتیارەکان داوای لێکرد کورەکەی لە بەرەکانی کوشتن لە کوردستان بۆ بگەرێنتەوە ..."( بيان الحزب الشيوعي العراقي، بغداد، ٢ نيسان ١٩٦٢). دوای ئەو بەیاننامەی حزبی شیوعی رێکخستنەکانی لەناو شاری هەولێر کەوتنە بڵاوکردنەوەی (دورشمەکانی ئاشتی بۆ کوردستان، راگرتنی کوشتار لە کوردستان، ئارامی و سەقامگیری سیاسی لە عێراق، دیموکراسی رێگایەکە بۆ رێگری کردن لە خوێن رشتن) لە ناو گەرەك و سەر دیوار و شوێنە گشتیەکان(مديرية الشرطة لواء اربيل، القلم السري، ع: ٢٣٠٢ / ١، كتاب الى متصرف لواء اربيل، الموضوع: توزيع نشرات، في ٢٨ حزيران ١٩٦٢). جێگای ئاماژەیە ئەو هەنگاوانەی حزبی شیوعی دوای سەرهەڵدانەوەی شەر لە کوردستان لە زۆر شارو شارۆچکە بەرێوەچوون بە مەبەستی کۆکردنەوەی ئیمزا بۆ گەرانەوەی ئاشتی بۆ کوردستان، چەندین ئافرەت لەم بوارەدا رۆڵی دیاریان بینیوە، بەگیسی مستەفا دانیشتوی گەرەکی خانقاە لە هەولێر یەکێك بووە لەو ئافرەتانە، بەپێی نوسراوی بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر ناوبراو یەکێك بووە لەو ئافرەتانەی کە لە ماڵەکەیدا بەشێوەیەکی نهێنی لیستی کۆکردنەوەی ئیمزا و رۆژنامەکانی حزبی شیوعی و بڵاوکراوەکانی حزبی شیوعی حەشارداوە، وەك لە بەشێکی نوسراوەکەدا هاتووە: " ... لە شەوی ١٥ـی تەمموزی ١٩٦٢ دوای چەند کوللەیەك ئاراستەی چەند سەربازێك کراوە لە گەرەکی خانقاە و دوای گرتنی چواردەوری گەرەکەکە و پشکنینی دەست گیرا بەسەر چەند لیستێك لە ناو کە ئیمزایان لەبەرامبەردا کردووە بۆ ئەوەی ئاراستەی سەرۆك وەزیران بکرێت و سێ ژمارە لە رۆژنامەی الطريق الشعب و پەرتوکێك بەناونیشانی سیستەمی پەرلەمانی لەیەکێتی سۆڤیەت لە مالی گومانلێکراو بەگیسی مستەفا دەستی بەسەرداگیراوە و رەوانەی دادوەری لێکۆلینەوە

کرا ..."( مديرية الشرطة لواء اربيل، القلم السري، ع:٢٥٨٨ / ١، كتاب الى متصرف لواء اربيل، الموضوع: العثور علي عرائض و بعض جرائد شيوعية، في ١٩ تموز ١٩٦٢). دەتوانین بڵێین ئافرەتان لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨ ـ ١٩٧٥ لە باشوری کوردستان رۆڵێکی زۆر گرنگ و کاریگەر و بەردەوامیان بینوە لە ناو رێکخستنەکانی حزبی شیوعی سەرەرای ئەو نەهامەتیانەی دوای تێکچوونی پەیوەندییەکانی عەبدولکەریم قاسم و حزبی شیوعی و روودانی کودەتای ٨ـی شوباتی ١٩٦٣ رووبەروویان دەبێتەوە.

**تەوەری دووەم:**

**ـ پارتی دیموکراتی کوردستان.**

پارتی دیموکراتی کوردستان بەپێی یاسای پارت و رێکخراوەکان ژمارە ٨٠ـی ساڵی ١٩٦٠ لە ٩ـی کانونی دووەمی ١٩٦٠ بە شێوەیەکی فەرمی مۆڵەتی کارکردنی ئاشکرای لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ پێدرا(بارزانی، ٢٠٢٠، ل٨٨)، ئەم هەنگاوەش بوو بە سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە مێژووی خەباتی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان. رۆڵی ئافرەتان لە ناو رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵانی ١٩٥٨ ـ ١٩٧٥ دابەش دەبێت بۆ سەر سێ ماوەی مێژوویی، یەکەمیان، لە ساڵی ١٩٥٨ تا ١٩٦١، دووەمیان، ١٩٦١ تا ١٩٧٠، سێیەمیان، لە ساڵی ١٩٧٠ تا ١٩٧٥.

سەبارەت بە ماوەی یەکەم لە ساڵی ١٩٥٨ ـ ١٩٦١، ئافرەتان رۆڵێکی دیاریان لە چالاکیەکانی ناو پارتی بینیوە بە تایبەتی دوای وەرگرتنی مۆڵەتی کارکردنی ئاشکرا لە کانونی دووەمی ١٩٦٠ کە بواری زیاتر رەخسا بۆ دەرکەوتنیان، یەکێك لەم چالاکیانەی لەو ماوەیەدا رۆڵیان تێدا بینیوە بەشدار بوونیانە لە کۆنگرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە ساڵانی ١٩٥٨ ـ ١٩٦١ بەستراوە، وەك بەشداربوونیان لە کۆنگرەی چوارەمی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە ٤ ـ ٧ـی تشرینی یەکەمی ١٩٥٩ لە شاری بەغداد بەسترا(کریم، ١٩٩٨، ص ٦١)، زەکیە ئیسماعیل حەقی وەك یەکەمین ئافرەت کە بەشداری کۆنگرە بووە و وەك ئەندامی لێژنەی چاودێری و پشکنینی باڵا دەستنیشان دەکرێت(مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان، ٢٠٢١، ل١٣٤-ل١٣٥)؛ (عمر، ٢٠٠٤، ص٦٧ـ ص ٦٨)، هەروەها لە کۆنگرەی پێنجەم کە لە ئایاری 1960 لە شاری بەغداد بەسترا(کریم، ١٩٩٨، ص٦٨)، هەر یەك لە ئەنجوم زوهدی و ناهیدە شێخ سەلام و زەکیە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئیسماعیل حەقی وەك ئەندامی کۆنگرە بەشداریان کردووە(کریم، ١٩٩٨، ص٦٨) ؛ (مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان، ٢٠٢١، ل١٣٤-ل١٣٥) هەر لەم کۆنگرەیە ناهیدە شێخ سەلام بۆ یەکەم جار وەك ئافرەتێك بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێت(شێخ سەلام، ١٩٩٨، ل٤٨) ؛ (جەلال، ٢٠١٠، ل٤٤)، جێگای ئاماژەیە ئەو هەنگاوە پێشکەوتنێکی جۆری بوو لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان کە ئافرەت بتوانێت ئەو رۆڵە وەربگرێت و دوای تەواو بوونی کۆنگرەش بەرپرسیاریەتی پەیوەندییەکانی پارتی وەردەگرێت(شێخ سەلام، ١٩٩٨، ل٤٦).

ماوەی دووەم کە لە هەڵگیرسانی شۆرشی ئەیلولی ١٩٦١ تا ١٩٧٠ دەخایەنێت، پارتی دوو کۆنگرەی بەستوە، کۆنگرەی شەشەم کە لە تەمموزی 1964 بەسترا(کریم، ١٩٩٨، ص٧٠)، ئافرەتێك بەناوی سانیە عەبدولمەجید تیلی ناسراو بە سانیە بەشداری تێداکردووە(خەبات، ژ٢٣٦٥، ٢٠٠٢/١٢/٢٥)، لە کۆنگرەی حەوتەم کە لە 15 ـ 21 تشرینی دووەمی ساڵی 1966 لە گەلاڵە بەستراوە(کریم، ١٩٩٨، ص١٠١)، بەشداری ئافرەتان لەم کۆنگرەیە لە ئاستێکی زۆر نزمدا دەردەکەوێت کە دەکرێت بڵێین هۆکارەکەی بۆ تایبەتمەندی قۆناغەکە دەگەرێتەوە.

ماوەی سێیەم کە دوای راگەیاندنی بەیاننامەی ١١ ئاداری ١٩٧٠ دەست پێدەکات تا نسکۆی ١٩٧٥ دەخایەنێت، لەو ماوەیەدا کۆنگرەی هەشتەم لە ١ـی تەمموزی ١٩٧٠ لە ناوپردان بەسترا(کریم، ١٩٩٨، ص١١١- ص ١١٧)، هەر یەك لە زەکیە ئیسماعیل حەقی، پەروین ساڵح مەولود، ساجیدە محەمەد وەك ئەندامی کۆنگرە بەشدار بوون(پەروین ساڵح مەولود، هەولێر، ٢٠٢٢/٣/١)، زەکیە ئیسماعیل حەقی بە ئەندامی لێژنەی مەرکەزی هەڵبژێردرا(بارزانی، ب ٣، ٢٠٢٠، ل٥٧).

سەبارەت بە رۆڵیان لە ناو رێکخستنەکاندا، لە ساڵی ١٩٥٨ تا ١٩٧٥ ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتانی ناوچە جیاوازەکانی باشوری کوردستان لە رێکخستنەکانی پارتی کاریانکردووە، شانەکانی رێکخستنی ئافرەتان بەشێوەی رێکخراو ئەندامەکانی رێکدەخست و یەکێك لە ئافرەتەکان سەرپەرشتی دەکرد بۆ نمونە پەروین شەکیب محەمەد بەرپرسی یەکێك لە شانەکانی ئافرەتانی شاری سلێمانی بووە کە هەر یەك لە پاکیزە شەکیب، پەخشان غەفور، نەسرین قادر، شەفیقە عەلی ئەندام بوون (کوردە، ٢٠١٩، ل٢٢). لە دیارترین ئەو ئافرەتانەی کە لە رێکخستنەکانی پارتی لە شاری سلێمانی کاریان کردووە ئەمانەن، درەخشان جەلال حەفید،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەهیە مەعروف، مونیرە قەفتان، مونیرەی عەبلان، عائیشە عەلی، سەبری ئابونە، عائیشە قەشانی(عەلی، ٢٠١٥، ل٤٢٧)؛ ( ئەنجوم زوهدی سلێمانی، ٢٠٢٢/١/٧) ساجیدە محەمەد مزوری، جەمیلە سابیر قادر، چیمەن حەسەن، سەعدیە عەلی محەمەد، روناك عەبدوڵڵا زوهدی، عەتیە ئەحمەد، قومریە سەعید، نەخشە عەبدوڵڵا، حەسیبە ئیبراهیم، شەمسە تۆفیق، ناهیدە فەتاح زۆراب، ناهیدە کەریم سەعید، ئامینە غەفور شەریف، گەلاوێژ شەوکەت حەسەن، عاسیمە محەمەد رەحیم، سنۆبەر قادر حەمە(کوردستانی نوێ، ژ ٨٦٦٠، ٢٠٢٢/٥/٢١) ؛ (ئەنجوم زوهدی، سلێمانی، ٢٠٢٢/١/٧) ؛ (جەمیلە سابر قادر، سلێمانی، ٢٠٢٢/١/١٥)؛ (سەبری مام ئەحمەد، سلێمانی،٢٠٢٢/١/٩) حەلاو شێخ ئەحمەد و ئامینە شێخ ئەحمەد، ئافتاو براخاس، رەعنا محەمەد ساڵح خاڵاوی، گوڵەباخ کەریم، ئافتاو ئەحمەد، سەبریە شێخ حەسەن مارگر، بەیان عومەر شەریف، بەدریە ئەحمەد، عەتیە ئیبراهیم، نەجمە موراد وەیس، فەخریە ئیبراهیم، شەونم نەجمەدین، سەبریە مام ئەحمەد، عائیشە رەسوڵ ئیبراهیم(کوردە، ٢٠١٩، ل٢٢) ؛ (پەروش، خبات، ع٨٨٧، ١٩٩٨/٨/١٤).

سەبارەت بە قەزا و ناحیەکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی، رێکخستنەکانی ئافرەتان لەچوارچێوەی شانە حزبیەکان رۆڵی دیاریان بینیوە، بۆ نمونە لە هەڵەبجە ئافرەتان کاریان لەناو رێکخستنەکانی پارتیدا کردووە و بەشداری چالاکیەکان کردووە، لە دیارترینیان ئەو ئافرەتانە، فاتیمە فەتاح عەبد محەمەد، عەتیە ئەحمەد، نەسرین ئەحمەد غوڵام، کافیە ئەحمەد، مەقبولە کەریم، شەمسە برا خاس، گەلاوێژ میرزا برایم، روناك رەئوف، دەرخشان ئیبراهیم، خەدیجە باقی حەمە عەزیز، روناك مەلا عەلی، لەمیعە ئەحمەد، کەلسوم حاجی عیزەت، گەلاوێژ میرزا برایم، پاکیزە عەلی کاتب، خوشیدە بابان، ئەختەر حاجی ئەحمەد، ئافتاو حامی بەگ، ناهیدە داود بەگ ، روقیە محەمەد عەلی بوون(عوسمان، ٢٠٢٠، ل ٣١٥) ؛ (کوردە، ٢٠١٩، ل١٦) ؛ (فاتیمە فەتاح عەبد محەمەد، سلێمانی، ٢٠٢٢/٣/١٥).

هەروەها لە خانەقین، ئافرەتان لە نێو رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان رۆڵیان بینیوە لە دیارترینیان پەروین عەلی محەمەد(پەروین بیوکی)،خەیریە مستەفا، فەهیمە نەسروڵڵا، لەیلا فەیزوڵڵا ئەرکەوازی، فەوزیە محەمەد عەلی، سەبیحە محەمەد عەلی، لەیلا عەبدولحەمید، فایزە حوسێن عەباس، نەسرین عەبدولعەزیز ، شوکریە حەسەن عەلی، قەدریە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

حەسەن عەلی(پەروین عەلی محەمەد ، هەولێر، ٢٠٢٢/٣/٨) قەڵادزێ یەکێکە لەو ناوچانەی کە ڕێکخستنی تایبەت بە ئافرەتانی هەبوو، لە دیارترین ئەو ئافرەتانەش کە کاری ڕێکخستنیان لە ڕیزەکانی پارتی کردووە، فاتیمە خالید ئەمین، خەدیجە سابیر، فەخریە عەبدولڕەحمان، سەبریە سەید وەسیم، شەفیقە خان، زوبێدەخان، ئافتاو خان، سەبریە بابەکر ئەحمەد بوون(سەبریە بابەکر ئەحمەد، هەولێر،٢٠٢٢/٣/١٠) ؛(فاتیمە خالید ئەمین، بەریتانیا، ٢٠٢٢/٣/١٠).

ئافرەتانی چەمچەماڵیش لە ڕێکخستنەکانی پارتیدا جموجۆڵ و چالاکیان نواندووە، هەڵوێستی دیاریان خستۆتەروو بۆ نمونە لە کاتەی فەرمانی لە سێدارەدان بۆ(غەنی بلوریان)و سێ لە هاوڕێکانی لە ئێران دەردەچێت بە نوسراوێك بە واژۆی(٤٨) ئەندام داوای هەڵوەشانەوەی ئەم فەرمانەیان کردووە و ئافتاو شەفیق نوێنەرایەتی هەموویانی کردووە لە ناردنی ناڕەزاییەتیەکە بۆ وڵاتی ئێران(خبات، ع٢٤٩، ٢٧تموز ١٩٦٠).

لە شارۆچکەی کفری، ئافرەتان لە ناو ڕێکخستنەکانی پارتی ڕۆڵیان لە ڕێکخستنەکان بینوە، لە دیارترین ئەو ئافرەتانە، بەشیرە مەلا ئەحمەد، لەتیفە وەستا محەمەد، مەلیحە عەبدوڵلا چاوش، حەبیبە کەریم بەگی جاف(دەلۆ،2019 ، ل١٥١)، لەتیفە ئەحمەد ساڵح، تەئمینە تۆفیق، فاتیمە کەریم چایچی، مەریم کەریم چایچی، لەیلا کەریم چایچی، شەمسە ئەحمەد ساڵح، روناهی عەلی حەمدی(لەتیفە ئەحمەد ساڵح، کفری، 18-3-2022)، هەروەها لە ناوچەی کەلار لە بواری ڕێکخستنەکانی ئافرەتاندا چەندین ئافرەت ڕۆڵی دیاریان بینیوە لەوانە، حەبیبە کەریم بەگی جاف یەکێکە لەو ئافرەتانەی کە ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەبووە(شەریف، ٢٠٠٧، ل٥٧)، جێگای ئاماژەیە لە هەندێ گوند لە ناوچەی گەرمیان شانەی ڕێکخستنی ئافرەتان هەبوو، بۆ نمونە گوندی ئۆمەربل سەر بە شارۆچکەی کفری شانەیەکی ڕێکخستنی ئافرەتانی تێدا بووە لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا لە لایەن سەبیحە حەمە ساڵح عەول سەرپەرشتی کراوە، گەردە محەمەد ئەمین خەسرۆ، نەسرین حەمە تەنەکەچی، مامۆستا فەوزیە ئەندامی ئەو شانەیە بوون(گەردە محەمەد ئەمین خەسرۆ، هەولێر،22-2-2022).

سەبارەت بە شاری هەولێر شانەکانی ڕێکخستنی ئافرەتان دوای شۆڕشی ١٤ـی تەمموز ڕۆڵی دیار و گرنگیان بینیوە، لە دیارترین ئەو ئافرەتانەی لە ڕێکخستنەکانی پارتی کاریان کردووە ئەمانەن، ساڵیحە عەبدولمەناف سەعید شکاك(هاوسەری خیروڵلا عەبدولکەریم)، بەرپرسی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕێکخستنەکانی ئافرەتانی ناو شار بووە، هەروەها سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی ئەو ئافرەتە رووسیانەشی کردووە کە لە روسیا لەگەڵ هاوسەرەکانیان گەرانەوە کوردستان(نایلە بیوك موراد، هەولێر، 27-3-2022)، کە ژمارەیان 20 ئافرەت دەبوون، کە هاوسەرگیریان لەگەڵ هاوەڵانی بارزانیی کردبوو، بەناوەکانی(نایلە بیوك موراد، رەشیدە ئەمیتۆڤا، عەنیفە مستەفا، موکمیل ئاخو نجان، منوەر ئیبراهیمۆڤا، پەلینا پاپۆڤا، شوکریە ئوسینەوا، لاریسا نیکیتۆڤا، تەمارا کتینك ئۆڤا، رایە عوسمان، تەنیا سەحەر ڤدینا، نینا ئوسمانوڤا، زولجیە عوسمان، عائیشە قادر، گولیزار میرزا، تانیا ئەلکسندر، جەمیلە میرزایوڤا، پاکیزا کورتیڤا، ڤیرا ئەتایوڤا)( نایلە بیوك موراد، هەولێر، 27-3-2022) رازیە حەسەن خەتات یەکێکی ترە لەو ئافرەتانەی کە رۆڵی دیاری هەبووە لەناو ڕێکخستنەکانی شاری هەولێر لە تەمەنی (16)ساڵیەوە لە ڕێگەی ساڵیحە پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی پارتی کردووە چەندین کار و چالاکی گرنگی ئەنجامداوە و سەرپەرشتی چەندین شانەی ڕێکخستنی کردووە. هەروەها دوای ئەوەی بواری زیاتر رەخسا چەندین ئافرەتی تر پەیوەندییان بە شانەکانی ئافرەتانی هەولێر کرد لە دیارترینیان نەزاکەت کەتیب، مامۆستا سوبحیە تاهیر سەلیم، جەمیلە کەتیب، قەدریە سابیر، مامۆستا نەسرین، گەلاوێژ نامیق، خوشکە مامز، خدیجە محمود قادر، دایکی رووناك، زینەب خان، ئەمیرە پیرداود، وەزیرە پیرداود، وداد خاڵس، لەیلا کۆیی، سەید نەخشین، عەتیە ئەحمەد، گەلاوێژ فەتاح، ئامینە رووهەڵگر، پاکیزە هاوسەری شێخلی حەسەن، ساهیرە نەقشبەندی، پەروین یەعقوب، حەمدیە سابیر بوون(وێ"گۆڤار"، ژ1، کانوونی یەکەم، 2007، ل10)؛( حەفید، ٢٠١٠، ل١٠٠)؛( سوبحیە تاهیر سەلیم، هەولێر، 1-4-2022) نەخشین ئەحمەد مەولود(حاجی نازدار)( عەبدوڵڵا، باس"هەفتەنامە" ژمارە(376)، سێ شەممە، 3-4-2018).

ئافرەتانی هەولێر لەپاڵ بەشداریکردنیان لە ناو ڕێکخستنەکان رۆڵیان هەبووە لە دامەزراندنی ڕێکخراوی لاوەکی بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەیی هەر وەك رەمزیە عەلی لەم بارەیەوە دەڵێت: " ... لە ساڵی 1962 بۆ 1963 لە شاری هەولێر لەگەڵ حەوت ئافرەتی دیکە لەوانە حەمدیە سابر، جەلیلەی خێزانی حەیدەر شەرەف،.....چەندانی تر، بە شێوەیەکی نهێنی ڕێکخراوێکی ئافرەتانمان دامەزراند لە ماڵی حەیدەر شەرەف کۆبوونەوەمان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەکرد و لەم کۆبوونەوانەشدا باسی هەموو بابەتەکان دەکرا، بە تایبەتی پەرەپێدان بە بیری نەتەوەیی لە لای ئافرەتان و رۆڵەکانمان ..."( شاوشکا "گۆڤار"، ژ1، جۆزەردانی 2001، ل42).

ڕێکخستنەکانی ئافرەتان جگە لە ناو شار لە قەزا و ناحیەکانی سەر بە پارێزگای هەولێر چالاکیان هەبوو، بۆ نمونە لە قەزای رواندوز ئافرەتان رۆڵیان هەبووە و چالاکیان ئەنجامداوە لە دیارترینیان عائیشە عوسمان حەسەن، سارە شێخە ئەحمەد(شەمام محەمەد زیاد، ڕەواندز، 8-4-2022). عائیشە عەباس قادر(بێخاڵی، کۆوار"گۆڤار" ژمارە(43) ساڵی چوارەم، مانگی 7ی2009، ل 42)، لە دەڤەری باڵەکایەتی ئافرەتان رۆڵێکی دیاریان بینیوە لە ڕێکخستنەکان و بەردەوام پەیوەندیان هەبووە بە پێشمەرگە هەبووە، یەکێك لەو ئافرەتانەی کە لەم بوارەدا رۆڵێکی دیاری هەبووە بەناوی زەینەب خدر(١٩٢٧ ـ ٢٠٠٣) کە بەردەوام نان و خۆراکی گەیاندۆتە ناوچە ئازادکراوەکان(خەبات" رۆژنامە، ژ(4248)، ٢٠١٣/١/٣٠) ، لە قەزای کۆیە، هەریەك لە نەجیبە جەلی زادە، سورەییا جەلی زادە رۆڵێکی دیار و بەرچاویان لە نێو ڕێکخستنەکانی پارتی بینوە(عیفەت محەمەد ساڵح، کۆیە، 19-2-2022). دەتوانین بڵێین رۆڵ و چالاکیەکانی ئافرەتانی ناوچەکانی دەرەوەی هەولێر بە تایبەتی ناوچەکانی رواندوز و باڵەکایەتی و هیران و چۆمان و دەڤەری مێرگەسور و بارزان و خەلیفان لە ساڵانی ١٩٦١ ـ ١٩٧٠ زیاتر دەردەکەوێت، چونکە لەم ماوەیەدا ئەو ناوچانە راستەوخۆ پەیوەندییان لەگەڵ پێشمەرگە هەبووە و ئافرەتەکان زۆر کاری نهێنیان لە کاتی شۆرشدا ئەنجام دەدا.

ڕێکخستنەکانی ئافرەتان لەناو هەندێ لە گوندەکاندا لە شانە نهێنیەکان کاریان کردوە، بۆ نمونە لە گوندی دوگردکان سەر بە ناحیەی قوشتپە، ئاواز دزەیی سەرپەرشتی شانەیەکی ئافرەتانی کردوە و رەمزیە ئەحمەد دزەیی، سەنیە کێخوا عەلی، فەخریە قادر بەسێ، نەزیرە کێخوا ئەحمەد، خەدیجە مەلا رەسوڵ، گوڵێ پلکە شەمام، گوڵیزار سەید تۆفیق، شوکریە محەمەد وەلی، نەزیفە پیرداود خەلیل، نەسرین حاجی کەریم تێیدا ئەندام بوون، ئەم شانەیە راستەوخۆ پەیوەندیان لەگەڵ ساڵیحە عەبدولمەناف سەعید بوو(دزەیی، ٢٠١٤، ل٨)؛ (دزەیی، گۆڤاری شاوشکا، ژ3 نەرۆزی 2002، ل 26) . جێگەی ئاماژەیە دەتوانین بڵێین ئەو ئافرەتانە لە لایەن بنەماڵەکانیان پشگیری کراون بە تایبەتی لە لایەن ئەحمەد حەمەدەمین دزەیی کە گەورەی بنەماڵەکە بووەو یەکێك بووە لە کەسایەتیە ناسراوەکانی دەشتی هەولێر، بەپێی

نوسراوێکی مەڵبەندی هەواڵگری هەولێر کە ئاڕاستەی معاونیەی ئەمنی هەولێر کراوە، بە هۆی جموجۆڵەکانی داوای چاودێری ناوبراو دەکات ، وەك لە بەشێکیدا هاتووە: " ... دەقی ئەو دوو نامەیەتان بە زمانی عەرەبی بۆ دەنێرین کە لە لایەن عبدالکریم رەئوف مامۆستا لە قوتابخانەی خالدیە لە هەولێر بۆ ئەحمەد حمەدەمین دەزەیی ناردویەتی ... و داوا دەکەین چاودێریەکی توندی ناوبراو لە گوندەکەی خۆی بکەن..."( مرکز استخبارات اربیل، کتاب الی معاونیة أمن اربیل، المرقم : ١٦٩/٤، الموضوع: التحقیق ، في ١٨ تموز ١٩٦٢).

هەر بەیاننامە و بڵاوکراوەیەك لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەردەچوو وەریان دەگرت و دەیانخوێندەوە و مانگانە ئابوونەیان کۆدەکردەوە، هەروەها بەشداری چەندین چالاکیان کردووە وەك نوسینی تلگراف بە زمانی عەرەبی بە ناونیشانی ئافرەتانی کوردستان لە دێی دوگردکانەوە و ناردنی بۆ شاری بەغدا بەمەبەستی پیرۆزبایی دەرچوونی رۆژنامەی خەبات دوای دەرچوونی رۆژنامەکە و بڵاوبوونەوەی تلگرافەکەیان و ناوهاتنی ئەو ئافرەتانەی کە پیرۆزبایان ناردووە هاندەرێك بووە گروتینی زیاتریان بداتێ بەردەوام بن لە چالاکیەکانیان(دزەیی، گۆڤاری شاوشکا، ژ3 نەرۆزی 2002، ل 26)، هەروەها بە هۆی وەرگرتنی مۆڵەتی کردنەوەی بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر ئەم شانە رێکخستنە ئاهەنگیان سازکردوە و وەك یەکەم گروپ سەردانی بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەن و دیاری خۆیان پێشکەش دەکەن کە پێکهاتبوو لە تابلۆیەکی گەورەی دەستکردی هەریەك لە ئاواز ئەحمەد دزەیی و رەمزیە ئەحمەد دزەیی، پێشکەش دەکەن(ئاواز ئەحمەد دزەیی، هەولێر،15-4-2022).

سەبارەت بە ناوچەی بادینان، رێکخستنەکانی ئافرەتان لەم ناوچەیەدا رۆڵی دیار و گرنگیان بینیوە، زاخۆ یەکێکە لە ناوچە گرنگەکانی دەڤەری بادینان کە رێکخستنی ئافرەتان تێیدا چالاك بووە و چەندین ئافرەت کاریان تێدا کردووە(موسا، رەوشەن"رۆژنامە"، ژ26،٦ -1-2008) لە دیارترینیان، سامیە عەبدولمەجید تیلی، قومری ئیسماعیل حاجی، فاتیمە ئەسعەد شاهین، ناهیدە جەلال، عایشە ئەحمەد حاجی، عایشە عەلی، سالیمە عەبدوڵڵا، هەدییە حەمەد، ئامینە عەلی، فەوزیە جەلال، هەدییە عومەر، قومری محەمەد، زەکیە شەمعون، ئامینە ئەحمەد عەبدی، سەبریە سلێمان جەقسی، پیرۆز سمۆ، بەسنا خەلەف، ناهیدە محەمەد ئیسماعیل،

ئامینە حوسین، مریەم نوری افندی، ئامینە ئیبراهیم، عەدلا محەمەد، شیرین محەمەد، وەسیلا محەمەد بۆسەڵی، ساریە دۆسکی(خەبات"رۆژنامە"، ژ2365، دوو شەممە 2002/12/25)؛ (منیر، ٢٠١٨، ل٢٥٦)؛ (عەبدولرەحمان، رووگەهـ"گۆڤار"، ژ(13)،هاڤین و پاییزا 2021،ل23-24) . جێگای ئاماژەیە دوای هەڵگیرسانی شۆرشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٦١ رۆڵی ئافرەتان بە شێوەی نهێنی دەردەکەوێت بە تایبەتی لە راپەراندنی ئەرکەکانیان وەك هێنان و بردنی زانیاری بۆ هێزی پێشمەرگە وەك تەتەر کە چەند ئافرەتێك لەم بوارەدا رۆڵی دیاریان بینیوە وەك زینەب عوسمان، حەلیمە عەلی، قومری حاجی، غەزل عومەر، جەمیلەخان، بدریە یوسف عەلی، جێگای ئاماژەیە هەر کاتێك هەواڵی بەپەلە و خێرا و لەناکاو هەبوایە رێکخستنەکانی پارتی هەواڵەکانیان لە رێگەی ئەو ئافرەتانەوە بۆ فەرماندەکانی پێشمەرگە لەم دەڤەرە دەنارد(منیر، ٢٠١٨، ل٢٥٦). ئەو ئافرەتانە لە زاخۆ سەرپەرشتی چەندین شانەی رێکخستنی نهێنی ئافرەتانیان کردووە و چەندین ئەرکی سەخت و مەترسیداریان راپەڕاندووە، بۆ نموونە کاتێك هاوسەری سامیە عەبدولمەجید دەستگیر دەکرێت، ناوبراو لێپرسراوێتی شانەکان لە زاخۆ دەگرێتە ئەستۆ، هەروەها دوای ئەوەی پەیوەندییەکانی نێوان عەبدولکەریم قاسم و مستەفا بارزانی تێکدەچێت و مۆڵەتی کارکردنی ئاشکرا لە پارتی وەردەگیرێتەوە، سەرەتاکانی رێکخستنی نهێنی لە زاخۆ لە ماڵی سامیە عەبدولمەجید دەستی پێکردەوە(خەبات"رۆژنامە"، ژ2365، دوو شەممە 2002/12/25)، هەروەها ئافرەتان بۆ دابینکردنی پێداویستی پزیشکی بۆ هێزی پێشمەرگە و کاری برینپێچیان ئەنجامدەدا و بەشێوەیەکی نهێنی ماڵەکانی خۆیان وەك نەخۆشخانە بەکاردێنا، دیارترین ئەو ئافرەتانە کە لەم بوارەدا رۆڵەیان بینیوە زەینەب عوسمان و بەدریە یوسف عەلی بوون(منیر، ٢٠١٨، ل٢٥٦).

سەبارەت بە شاری کەرکوك ئافرەتانی ئەو شارەش رۆڵی دیاریان لە رێکخستنەکانی پارتی بینیوە بە تایبەتی لە ساڵانی ١٩٥٨ ـ ١٩٦١ چەند شانەی تایبەت بە ئافرەتان لە شارەکە چالاکیان نواندوە، لە دیارترین ئەو ئافرەتانەی لە رێکخستنەکان کاریان کردووە، زیبا عەبدلواحید، مەلیحە قارەمان، ئایشە سەید تەها بەرزنجی، نەزیرەخان هاوسەری شێخ قادری بەرزنجی، نەجیبە خان هاوژینی(حەمید ئەفەندی)، هەمینە مستەفا، فاتیمە مستەفا(خوشکانی عومەر دەبابە)، سەمیرە عەلی سەروەت، سەعدیە هەمەوەندی، شەفیقەخان هاوسەری کەریم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەفەندی، سەعیدیە کەریم ئەفەندی و سەبیحە کەریم ئەفەندی، ئامینەخان هاوسەری شێخ عەبدوڵڵای کەوەڵە، نەسرین عەبدوڵڵا کەوەڵە، فاتیمە محەمەد سلێمان، ناجیە شەرەف، ژیان عەلائەدین ئەحمەد نورسی(ڕەواندوزی، ٢٠٠٥، ل١٨٣)؛( حەفید، ٢٠١٠، ل١٠٠).

شێوازی ڕێکخستنەکانی ئافرەتان لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان دوای ساڵی ١٩٦١ بەشێوەی شانەی نهێنی بووە و ئافرەتێك سەرپەرشتی ڕێکخستنی شانەکەی کردووە، پەیوەندی لەگەڵ کەسی سەرەوەی خۆی هەبووە و ڕێنمایی و ڕاسپاردەکانی حزبی لەلایەن ئەو کەسەوە پێدراوە، ئەویش لە ڕێگای کۆبوونەوەکان دەیگەیاند بە ئەندامانی شانەکە(بەرزنجی، ٢٠٢٢، ل٤٠) ، کۆبوونەوەکان لە ماڵی ئەو ئافرەتانە دەکرا کە ئەندامی ڕێکخستنەکان بوون، بۆ نموونە ماڵی ناهیدەی شێخ سەلام، درەخشان شێخ جەلال، بەهیە مەعروف، ئەنجوم زوهدی، جەمیلە سابیر قادر لە دیارترین ئەو ماڵانە بوون کە کۆبوونەوەکانی تێدا ئەنجام دەدرا(چیمەن حەسەن عەبدوڵڵا، سلێمانی،3-4-2022؛ (شەونم نەجمەدین، سلێمانی، 5-4-2022).

لە کۆبوونەوەکاندا جەختیان دەکردەوە لە سەر هاندانی ئافرەتان بۆ بەشداریکردن لە چالاکیە سیاسیەکان، و هەروەها دیارخستنی تواناکانی ئافرەتان لە بوارە جیاکاندا و ئەو ئافرەتانەی خوێندەواریان نەبوو مامۆستایان بۆ دابین دەکرا و فێری خوێندن دەکران(عەلی،٢٠٢٠،ل ٢٨٧)؛ (ئەنجوم عەبدوڵڵا زوهدی، سلێمانی7-1-2022)؛ (جەمیلە سابیر قادر، سلێمانی، 15-1-2022) و هەر لە کۆبونەوەکان ئابوونەی ئەندامان وەردەگیران کە بڕەکەی لە 50 فلس دەستی پێدەکرد و هەر کەسێك بەپێی توانای خۆی بڕێکی ڕەمزی دەبەخشی و هەندێکجار بەرپرسی شانەکان لەگیرفانی خۆیان پارەیان دەخستە سەر ئابوونەکە تا بڕەکە زیاد بێت(حەفید،٢٠١٠، ل٩٧)؛( بەرزنجی، ٢٠٢٢، ل٤٠)؛( سەبری مام ئەحمەد، سلێمانی،9-1-2022). هەندێك جار لە کاتی زۆر پێویستدا ئابوونە لەو ماڵانەش کۆکراوەتەوە کە لایەنگر و دۆستی حزب بوون یاخود جێ متمانە بوونە ئەگەر ئەندامیش نەبوونایە، و ئەوانەی توانای دارایان باش بووە بڕێکی زیاتر پارەیان وەکو ئابوونە دەبەخشی، جێگای ئاماژەیە ڕێکخستنەکانی ئافرەتان لەم بوارەدا ڕۆڵی گرنیان بینیوە(ئەنجوم زوهدی، سلێمانی، 7-1-2022؛ سەبری مام ئەحمەد، سلێمانی،9-1-2022).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها شانەکانی ئافرەتان لە زۆربەی بوارەکاندا رۆڵیان بینیوە، بۆ نمونە بە بۆنەی تێپەربوونی دووەمین ساڵ بەسەر شۆرشی ١٤ـی تەمموز هەریەك لە بەهیە مەعروف، ئەنجوم زوهدی، دەرخشان جەلال پیرۆزبایی ئاراستەی سەرکردایەتی شۆرش دەکەن وەك لە بەشێکی دا هاتووە: " ... بە ناوی هەموو ئەندامانمان لە پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری سلێمانی لە ناخی دڵمانەوە گەرمترین پیرۆزبایی لە کەسایەتی بەرێزتان و سوپای پاڵەوانمان دەکەین... بە بۆنەی جەژنی دووەمی شۆڕشی 14ـی تەمموزی نەمر و بەڵێن دووپات دەکەینەوە کە سەربازێکی دڵسۆز بین بۆ بەرگریکردن لە کۆمارەکەمان و پەیرەوە دیموکراتیەکەی بەسەرۆکایەتی ئێوە و بۆ بەهێزکردنی برایەتی کورد و عەرەب"(خبات"جريدة"، ع264، السنه الثانية، 18 تموز 1960).

بەشدار بوونی ئافرەتان لە کۆر و کۆبونەوە و کۆنفراسەکان لایەنێکی تر بوو لە چالاکیەکانیان، لە دیارترین ئەو ئافرەتانەی لەم بوارە رۆڵیان بینیوە، ئەنجوم زوهدی، نەجیبە مەلا محەمەد کۆیی، سورەیای مەلا محەمەد کۆیی، بەهیە مەعروف، درەخشان جەلال حەفید( عوسمان، ٢٠٢٠، ل٨١)؛(ئەنجوم عەبدوڵلا زوهدی، سلێمانی 7-1-2022).

جێگای ئاماژەیە کۆکردنەوەی هاوکاری و پیتاك و جلوبەرگ و پێڵاو و پێخەفەکانی نوستن وەك بەتانی و پشتی و لێفە و خواردەمەنیەکان و پێداویستیەکانی پاکەرەوە، ئافرەتان لە رێگای کۆکردنەوەی ئابوونە و هاوکاریەکان لەو ماڵانەی جێگەی متمانە بوون ئامادەیان دەکرد، هەروەها چەند ئافرەتی خۆبەخش هەڵدەستان بە دورینی جلوبەرگی پیشمەرگە و بۆیان رەوانە دەکردن(جاف، دەنگی پێشمەرگە"گۆڤار"، ژ(8)، ئابی 1998، ل21)؛ (حەفید، ٢٠١٠، ل٤٦). بەشێکی دیکەی چالاکیەکانی ئافرەتان لە بواری پەیوەندی کردن و راگەیاندن بووە وەك بڵاوکردنەوەی راگەیەنراوەکانی حزب، لەوانەن هەڵواسینی پۆستەر و نوسینی دروشمەکان لەسەر دیوارەکان و هەروەها بڵاوکردنەوەی نامیلکە و چاپەمەنیەکانی حزب(ئەلقازی، ٢٠١٢، ل٥٣)؛ (حەفید،٢٠١٠، ل ٤٩)؛( نێروەیی، دەنگی پیشمەرگە"گۆڤار"، ژ٣٦، کانوونی یەکەمی 2000، ل22) ، کە لە زۆر کات بە نهێنی لە ژێر دەرگای ماڵانەوە فرێدەدرایە ژوورەوە یاخود لە فەرمانگە حکومیەکان بەنهێنی بڵاو دەکرایەوەو زۆرجار لەناو دۆڵابەکانی فەرمانگەکان جێدەهێشترا(جەمیلە سابر قادر، سلێمانی،15-1-2022)؛ (سەبری مام ئەحمەد، سلێمانی، 9-1-

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2022) هەروەها کۆکردنەوەی دەرمان و پێداویستی پزیشکی کە لە رێگەی ئافرەتانەوە دەستەبەر دەکرا و لە زۆر کاتدا ئافرەتان وەك نەخۆش سەردانی نەخۆشخانەکانیان دەکرد تاکو دەرمانیان بۆ بنووسن و وەریبگرن و دواتر لە رێگەی رێکخستنەکانی خۆیانەوە بۆ پێشمەرگە رەوانە دەکرا(بەرزنجی، ٢٠٢٢، ل ٤١) ؛ (جەمیلە سابیر قادر، سلێمانی، 15-1-2022)؛( شەونم نەجمەدین، سلێمانی، 5-4-2022) ، لە دیارترین ئەو ئافرەتانەی کە رۆڵیان بینیوە لە دابینکردنی دەرمان لە نەخۆشخانەکاندا شەونم نەجمەدین، چیمەن حەسەن شابان، نەسرین حەسەن، مونێرە ساڵح، مونیرە عەزیز، تەلیعە حوسێن، روقیە ئەحمەد، پرشنگ عوسمان بوون(عەلی،٢٠٢٠، ل٢١)؛( شەونم نەجمەدین، سلێمانی، 5-4-2022).

هەروەها هەندێك جار لەلایەن ئافرەتە شارەزاکان دەرمانی کوردەواریان دەگرتەوە بۆ پێشمەرگەیان رەوانە دەکرد و بریندارەکانیان بەو دەرمانە کوردەوارییانە چارەسەر دەکرد(نێروەیی، دەنگی پیشمەرگە"گۆڤار"، ژ٣٦، کانوونی یەکەمی 2000، ل22). کاترینە گۆرگیس مووشێ یەکێك بووە لەو ئافرەتانەی کە رۆڵێکی کارای هەبوو لە چارەسەرکردنی برینداەرەکان(پەیامی ئەیلوول" گۆڤار"، ژ(4)، تەمموزی 2008، ل 55- 56)، جێگای ئاماژەیە ئەو ئافرەتانەی کە وەك فەرمانبەر لە کەرتی تەندروستی کاریان دەکردو پەیوەندیان بە رێکخستنەکانەوە هەبوو، بە رێگای پیشەکەیانەوە پەیوەندیان بە بەندکراوە ئافرەتەکانیش دەکرد، لە چوار چێوەی ئەو لێژنە پزیشکیانەی کە سەردانی بەندیخانەکانیان دەکرد بۆ پشکنین و چارەسەری گیراوەکان(عەلی،٢٠٢٠، ل١١٥). بێجگە لەم کارانەی ئەنجامیان دەدا، یەکێك لە ئەرکە سەختەکان کە بە رێکخستنەکانی ئافرەتان ئەنجام دەدرا بریتی بوو لە گواستەوەی چەك و تەقەمەنی بۆ هێزی پێشمەرگە(حەفید، ٢٠١٠، ل ٩٥)؛( ئەنجوم عەبدوڵڵا زوهدی، سلێمانی7-1-202)، هەر یەك لە حەلاوە حەسیب، رەعنای خالاوی، ئافتاو براخاس، خەدیجە حەیدەر، ئامینە شێخ ئەحمەد، باجی گوڵەباغ، رەعنا محەمەد، حەلاوە نەسروڵلا، نەزیرە محەمەد تۆپچی لە دیاترین ئەو ئافرەتانە بوون(عەلی،٢٠٢٠، ل١١٢)؛ (شەونم نەجمەدین، سلێمانی، 5-4-2022)؛ (سەبری مام ئەحمەد، سلێمانی، 9-1-2022) جێگای ئاماژەیە زۆر جار ئافرەتان زێڕی خۆیان فرۆشتوە و چەك و فیشەکیان بۆ پێشمەرگە پێکڕیوە، (ئامینەخانی کچی حەمە ئاغای ئەمین

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاغا) یەکێك لەو ئافرەتانە بوو کە زێری خۆی فرۆشتووە و چەك و فیشەکی پێکڕیوە بۆ پێشمەرگەی ناردووە. (حەیدەری، شاوشکا"گۆڤار"، ژ7، 2003، ل17).

دوای بەیاننامەی 11ـی ئازاری 1970 رێکخستنەکانی ئافرەتان چووە قۆناغێکی نوێیەوە، جگە لە شارەکانی کوردستان لە شاری بەغداد شانەی رێکخستنی ئافرەتان پێکهێندرا، و بەشداریان لە چالاکیەکان دەکرد بە تایبەتی لە ریێ پێوانەکانی جەماوەری بۆ پشتگیرکردن لە بەیاننامەی 11ـی ئازار، هەریەك لە ساجیدە محەمەد مزوری، شەونم نەجمەدین، شوکریە محەمەد عەلی، سەبری مام ئەحمەد، حەسیبە ئیبراهیم، نوخشە عەبدولعەزیز، نەزیرە محەمەد تۆپچی، بەهێ مەعروف، ئەنجوم زوهدی، عائیشە رەسوڵ، لوتفیەی حاجی ئیبراهیم لە بەشداربوانی چالاکیەکانی شاری بەغداد بوون(عەلی،٢٠٢٠، ل٢٦).

بەمجۆرە چالاکیەکانی ئافرەتان لە ناو رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کوردستان و شارەکانی تر بە شێوەیەکی ئاشکرا بەردەوام بوو تا ١١ـی ئاداری ١٩٧٤، دوای هەڵگیرسانەوەی شەر لە کوردستان تا نسکۆی شۆرش لە ساڵی ١٩٧٥ ئافرەتان چالاکیەکانیان بەردەوام دەبێت.

## دەرئەنجام:

1- گرنگی خەبات و ڕۆڵی ئافرەتان لە نێو ڕێکخستنە سیاسیەکانی پارتە کوردستانی و عێراقیەکان، لە ماوەی نێوان ساڵی 1958 – 1975 لەوەدایە کە ئەم ماوەیە گرنگ و هەستیارە بەهۆی رەوشی سیاسی کوردستان .

2- پارتە سیاسییەکان هەستیان بە بۆشایەکی گەورەی بەشداری نەکردنی ئافرەتان کردبوو، وەك کەلێنێك لە خەباتی سیاسی و ڕێکخستنی نهێنیان، بۆیە دوای ساڵی 1958 دەرگایان بەڕووی ئافرەتان زیاتر کردەوە .

3- خۆڕاگری و بوێری ئافرەتان لەو قۆناغەدا، کە بەبێ گوێدانە مەترسییەکان لەسەر ژیانی خۆیان و خانەوادەکانیان بەشداریان لە بەشێکی زۆر لە چالاکیە سیاسیەکانی حزبەکانیان و چالاکیە جەماوەرییەکان کردووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4- هەندێك چالاكی و كاری ڕێكخستن ئافرەت وەك تەكنیكێكی نهێنی و پارێزراو بەكارهێناوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەكان.
5- ئافرەتان ڕۆڵێكی گرنگیان لە كاری ڕاگەیاندن، وەكو تەتەری و گواستنەوە و بڵاوكردنەوەی بەیاننامەی پارتە سیاسیەكان و بڵاوكراوەكانی حزبدا هەبووە.
6- بەشداریكردنی ژمارەیەكی زۆر لە ئافرەتان بەشێوازی نهێنی لە نێو ڕێكخستنەكانی پارتە سیاسییەكان بەشێوەیەكی بەرفراوان سنوری ناوەندی شارەكانیشی تێپەڕاندووە و گەیشتۆتە هەندێ لە گوندەكانیش.

## سەرچاوەكان:


**یەكەم /بەڵگەنامەكان:**

**1-** متصرفیه لواء اربیل، كتاب الى القائمقامیات كافة مكرر الشرطة اربیل، لاسلكیة السري، الموضوع: اعمال التخريبية (١٩٦٣/٣/٢٠)، ع: ١٧
**2-** بيان الحزب الشيوعی العراقي، بغداد، ٢ نيسان- ١٩٦٢
**3-** مديرية الشرطة لواء اربيل ، القلم السري، ع: ٢٣٠٢ / ١، كتاب الى متصرف لواء اربيل، الموضوع: توزيع نشرات، في ٢٨ حزيران: ١٩٦٢
**4-** مديرية الشرطة لواء اربيل، القلم السري، ع:٢٥٨٨ / ١، كتاب الى متصرف لواء اربيل، الموضوع: العثور علي عرائض و بعض جرائد شيوعية، في ١٩ تموز: ١٩٦٢
**5-** مركز استخبارات اربيل، كتاب الى معاونية أمن اربيل، المرقم : ١٦٩/٤، الموضوع: التحقيق ، في ١٨ تموز: ١٩٦٢

**دووەم/ كارنامە زانكۆییەكان:**

**ماستەر:**

1- سلێمان، سەباح عەلی، (2021)، كەلار 1927- 1975 / لێكۆڵینەوەیەك لە بارودۆخی سیاسی، كارگێڕی و ڕۆشنبیری، نامەی ماستەر(بڵاونەكراوە)،، كۆلێژی ئاداب: زانكۆی سەڵاحەددین – هەولێر

**سێیەم/ كتێبەكان:**

**أ- بە زمانی كوردی:**

1- عەبدوڵڵا، نایب، (1997)، بیرەوەری 21 ساڵی تێكۆشان، چ(2): سلێمانی.

2- شاکر، سامیە، (2009)، رۆڵی ئافرەتانی هەولێر لە بزاڤی رۆشنبیری و نیشتمانی و نەتەوایەتی دا، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، چ(١)، ب(6)، چاپخانەی گرین ـ گالۆری: لبنان.
3- نوری، بەهادین، (2019)، بیرەوەرییەکانی بەهادین نوری، ب(2)، چاپخانە تاران: تاران.
4- بارزانی، مسعود، (2020)، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، 1958- 1961، ب(2)، چ(2)، دەزگای چاپ و پەخشی رۆژهەڵات: هەولێر.
5- مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆنگرە و کۆنفرانس(پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆ) دەستەی ئینسکلۆپیدیا(پ.د.ك)، ( 2021)، ب(1)، چاپخانەی رۆژهەڵات: هەولێر.
6- شیخ سەلام، ناهیدەی،0(1998)، ئەوەی لەبیرمە، ئامادەکردنی: چیمەن ساڵح، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە: هەولێر.
7- جەلال، درەخشان، (2010)، کورتەیەك لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی ئافرەتانی کوردستان و هەندێك لەبیرەوەرییەکانم، چ(1)، چاپخانەی شڤان: سلێمانی.
8- بارزانی، مسعود، (2020)، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد 1961-1975، ب(٣)، چاپخانەی رۆکسنا: هەولێر.
9- کوردە، نەسرین، (2019)، ژنانی رێی کاروانی خەبات، چ1: سلیمانی.
10- عەلی، رووخۆش، (2015)، مێژووی تێکۆشانی مێینەی کورد لە مەلەکیەتەوە تا دوای راپەڕین بەشێك لە مێژوویەکی فەرامۆشکراو، چ1: سلێمانی.
11- عوسمان، نەرمین، (2020)، گوڵدانی ژن، چاپخانەی کارۆ: سلێمانی.
12- شەریف، عومەر عەلی، (2007)، 70 ناوداری کەرکووك و گەرمیان، چ(١)، چاپخانەی ئارابخا: کەرکوك.
13- دزەیی، ئاواز، (2014)، دەنگێگ لە دوگردکانەوە، چاپخانەی رۆژهەڵات: هەولێر.
14- منیر، رۆژین چلبی، (2018)، زاخۆ 14ی تیرمەها 1958ـ 6ی ئادار 1975، ڤەکۆلینەکا مێژووی-سیاسی، چ(١): زاخۆ.
15- رەواندوزی، عەقیلە، (2005)، یادو ئافەرین، چ(١)، چاپخانەی پەروەردە: هەولێر.
16- بەرزنجی، بەهیە مەعروف، (2002)، هەندێك لە بیرەرەوەرییەکانی، ئامادەکردنی: لوتفیە ئیبراهیم ساڵح، چ(١)، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری: سلێمانی.
17- ئەلقازی، ویداد خالیس، (2012)، چەند وێستگەیەکی تەمەنم، چ(١)، چاپخانەی شەهاب: هەولێر.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ب- بەزمانی عەرەبی:**

1- درويش، محمود فهمي و اخرون، (1961)، دليل الجمهورية العراقية لسنة 1960، ط(1)، مطبعة المتمدن: بغداد.
2- اللجنة العليا لاحتفالات 14 تموز، ثورة 14 تموز في عامها الاول، (1959)، ط(1)، مطبعة دار الاخبار: بغداد.
3- المالح، سعدى، (2008)، الصحافة الكردية للحزب الشيوعي العراقي 1944 ـ 1972، ط(١)، مطبعة هيڤى: أربيل.
4- مقصود، حامد مصطفي، (2002)، مدارات الاخوة الاعداء ـ ثورة ١٤ تموز ـ الخلفيات، الوقائع، و سيرة الذاتية، مطبعة وزارة التربية: أربيل.
5- عبدالكريم، سمير، (1963)، أضواء على الحركة الشيوعية في العراق ٨ شباط ١٩٦٣ ـ ١٨ تشرين الثاني١٩٦٣، قدم له: د. صلاح محمد، دار المرصاد، د.س، ج(٣): بيروت.
6- فوزي، احمد، (1989)، عبدالكريم قاسم و ساعاته الاخيرة، الدار العربية للطباعة: بغداد.
7- الخرسان، صلاح، (1993)، صفحات من تاريخ الحركة الشيوعية في العراق، ط(١).
8- العبيدى، سلام فواز، (2015)، دهوك لمحات عن ماضيها و حاضرها, مطبعة خاني: دهوك.
9- كريم، حبيب محمد، (1998)، تاريخ الحزب الديمقراطى الكوردستاني- العراق (في محطات رئيسة) ١٩٤٦- ١٩٩٣, مطبعة خبات: دهوك.
10- عمر، شێركۆ فتح الله، (2004)، الحزب الديمقراطي الكوردستاني و حركة التحرر القومية الكوردية في العراق 1946 ـ 1975، مطبعة روون: السليمانية.
11-

**چوارەم/ وتار و بابەتە ڕۆژنامەوانیەکان:**

**أ: بەزمانی کوردی:**

**1-** عەبدولکەریم، عالیە، (1959)، خەباتی ئافرەتی کورد، هیوا "گۆڤار"، ژ(9 ـ 10)، ساڵی دووەم، نیسان و مایس.
**2-** عەبدوڵلا، زایەر_ نازدار، حاجی، (2018)، نازدار بوو، باس"هەفتەنامە" ژمارە(376)، سێ شەممە.
**3-** بێخاڵی، نوری، (2009)، شێرەکچێك لە ناو جەنگەڵی ژیان، کۆوار"گۆڤار" ژمارە(43) ساڵی چوارەم، مانگی 7.
**4-** دزەیی، ئاواز، (2002)، ئافرەت و بیرەوەری، گۆڤاری شاوشکا، ژمارە (3)، نەرۆز.
5- موسا، خەڵات، (2008)، ڕێکخستنا ئافرەتان د شورەشا ئەیلولی دا زاخۆ وەکو نموونە، رەوشەن"ڕۆژنامە"، ژ(٦): کانونی دووەم.
**6-** عەبدولرەحمان، حوسێن عوسمان، (2021)، ساریا مستەفا بازیدا دۆسکی1902-1988، رووگەهـ"گۆڤار"، ژ(13): هاڤین و پاییزا.
**7-** جاف، سەردار، (1998)، ئافرەت و شۆڕشی کورد، دەنگی پێشمەرگە"گۆڤار"، ژ(8): ئاب.

8- نێرووەیی، غەریبا رەجەب، (2000)، ئافرەت و خەبات وکوردایەتی، دەنگی پیشمەرگە"گۆڤار"، ژ(٣٦): کانوونی یەکەم.
**9-** حەیدەری، مومتاز، (2003)، لە ڕەوتی خەباتی کوردایەتی هاوچەرخدا، شاوشکا"گۆڤار"،ژ(7).

**ب: بەزمانی عەرەبی:**

- پەروش، خوولە، (1998)، المراة الکوردستانیة والبارتی، خبات"جریده"، ع(٨٨٧): ئاب.
-

**پێنجەم/ ڕۆژنامەکان:**

**أ: بە زمانی کوردی ژ:**

**ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان:**

- ژ(1262)، ٢١/ ٩ / ٢٠٢١؛ ژ(1186)، 2019/9/3؛ ژ(1252)،6 /٧/ 2021؛ ژ(١٢٦٠)،٩/٧/ 2021؛ ژ(١٢٤٣)،٢٧ /٤/ 2021؛ ژ(١٢٥٤)،٢٧ /٧/ 2021؛ ژ(١١٣٩)، ٥/٩/ ٢٠١٨

**ڕۆژنامەی خەبات:**

- ژمارە(2365) دوو شەممە، 2006/12/25؛ ژ(4248)، ٢٠١٣/١/٣٠؛ ژ(2365)، دوو شەممە 2002/12/25

**ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ:**

1- کوردستانی نوێ"ڕۆژنامە"، ژ(8660)، ساڵ(٣١)،2022/5/21

**ب: بە زمانی عەرەبی:**

جریدة **خبات:**

- ع(249)، السنة الثانية،27 تموز 1960؛ ع(264)، السنه الثانية، 18 تموز 1960

**حەوتەم: گۆڤارەکان:**

**گۆڤاری وێ:**

1- ژ(1)، کانوونی یەکەم، 2007.

**گۆڤاری شاوشکا:**

1- ژ(1)، جۆزەردانی 2001.

**گۆڤاری پەیامی ئەیلوول:**

1- ژ(4)، تەمموزی 2008

**هەشتەم/ چاوپێکەوتنەکان:**

1- چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریم ئەحمەد، هەولێر، 1-2-2022

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ مەلیحە محەمەد زوهدی، سلێمانی، 4-1-2022
3- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ خانم زوهدی، هۆڵەندا، 3-1-2022
4- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ ئافتاو عەزیز، ئەڵمانیا، 20-2-2022
5- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ جەیران مەحمود، ئەڵمانیا، 22-1-2022
6- چاوپێکەوتن لەگەڵ فەتحیە بامەڕنی، دهۆک، 25-1-2022
7- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ عفەت محەمەد ساڵح، کۆیە، 19-2-2002
8- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ شوکریە محەمەدئەمین، هەولێر، 2-1-2022
9- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ هەمین جەرجیس یوسف، رەواندوز، 24-2-2022
10- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ درەخشان عەلی عەبدولقادر، فنلەندا، 25-2-2022
11- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەدیبە سەعید محەمەد ناسراو بە (ئەمل)، سلێمانی، 27-2-2022
12- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ جەلال دەباغ، ئەڵمانیا، 5-2-2022
13- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ عەبدولڕەحمان فارس عەبدولڕەحمان ناسراو بە (ئەبو کاروان)، کفری، 10-4-2022
14- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ پەروین ساڵح مەولود، هەولێر، 1-3-2022
15- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ ئەنجوم عەبدوڵڵا زوهدی سلێمانی، 7-1-2022
16- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ جەمیلە سابر قادر، سلێمانی، 15-1-2022
17- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ سەبری مام ئەحمەد، سلێمانی، 9-1-2022
18- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ فاتیمە فەتاح عەبد محەمەد، سلێمانی، 15-3-2022
19- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ پەروین عەلی محەمەد ناسراو بە(پەروین بیوکی)، هەولێر، 8-3-2022
20- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ سەبریە بابەکر ئەحمەد، هەولێر، 10-3-2022
21- پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ فاتیمە خالید ئەمین، بەریتانیا، 10-3-2002
22- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ لەتیفە ئەحمەد ساڵح، کفری، 18-3-2022
23- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ گەردە محەمەد ئەمین خەسرۆ، هەولێر،22-2-2022
24- چاوپێکەوتن لەگەڵ نایلە بیوک موراد، هەولێر، 27-3-2022
25- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ سوبحیە تاهیر سەلیم، هەولێر، 1-4-2022
26- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ شەمام محەمەد زیاد، رەواندز، 8-4-2022
27- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ ئاواز ئەحمەد دزەیی، هەولێر،15-4-2022

28- چاوپێکەوتنێك لەگەڵ چیمەن حەسەن عەبدوڵڵا، سلێمانی،3-4-2022
29- چاوپێکەوتنێك لەگەڵ شەونم نەجمەدین، سلێمانی، 5-4-2022

**نۆیەم/ توێژینەوەکان:**

1- خانی دەلۆ، حوسێن ئیسماعیل، (2019)، ناوچەی کفری لە نێوان ساڵانی 1945 -1963، توێژینەوەیەکی مێژووییە لە بارودۆخی سیاسی، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە(تایبەت): گەرمیان.

# Women´S Role in Kurdish and Iraqi Political Parts In 1958 Till 1975

**Prof. Dr. Mahdi Muhammad**
Department of History, College of Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
**Mahdi.muhammad86@yahoo.com**

**Parzhin Jaafar Rostam**
Department of History, College of Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
**Parzhinomerbly@gmail.com**

***Keywords*** *Women, communistic, party, organization, Kurdistan, political*

## Abstract

After the success of (14th July 1958) in Iraq, women in southern Kurdistan, in communist party and PDK organizations they effectively started their political and popularity activities, The organizations of these two parties included the greatest part of these women which they worked in 1958-1975, and they could have seen an important role in the big parts, in performing political work and they also could mix with the people of these two  parts, after the changes of

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1962 so they secretly their political efforts in communist party and PDK continued till 1975.

# دور المرأة في الأحزاب السياسية الكردية والعراقية من عام 1958 حتى عام 1975

## الملخص

كانت نهاية العهد الملكي في العراق ١٩٢١-١٩٥٨ بعد قيام ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ و اعلان النظام الجمهورى نقطة تحول مهمة في التاريخ السياسي للمنطقة عموما و كردستان العراق (جنوب كردستان) بصورة خاصة. و بداية عهد جديد في الحياة السياسية فيها .

كان للمرأة تأثير في التحولات التي ظهرت في تلك الفترة ولاسيما بعد نجاح الثورة و خصوصا في التنظيمات الحزب الشيوعي العراقي و الحزب الديمقراطي الكردستاني و بدأت خطوة مهمة و نوعية التي تمثلت في وعي المرأة الكردستانية و مساهمتها في الفعاليات السياسية و الحزبية و الجماهيرية.

اتسع نشاط المرأة الكردستانية داخل حلقات الحزب الشيوعي العراقي و الحزب الديمقراطي الكردستاني و استمرت بشكل علني الى قيام انقلاب ٨ شباط ١٩٦٣ و دخل التنظيمات الحزبية ولاسيما التنظيمات النسائية الى مرحلة السرية و استمرت الى اعلان بيان ١١ اذار ١٩٧٠ و خلال سنوات ١٩٧٠-١٩٧٤ كانت للمرأة الكردستانية دورا فعالا و بارزا في التنظيمات الحزبية و المنظمات النسائية و الجماهيرية و دخل التنظيمات الى مرحلة سرية بعد ١١ اذار ١٩٧٤ و استمرت ذلك الى عقد اتفاقية الجزائر في ٦ اذار ١٩٧٥ و نكسة الثورة الكردستانية في ١٩٧٥